خەبات www.xebat.net
پێنج شەممە 2017/10/12 ژمارە (5368)



# مێسی ئەرژەنتینی گەیاندە مۆندیالی رووسیا

**هاوکار کەڵهوری**

دوای ئەوەی ئەرژەنتین گەیشتنی بە مۆندیال زۆر زەحمەت ببوو، سەرەڕای فشارێکی زۆر قورس لەسەریان، یاریزانانی تانگۆ توانیان خۆیان بگەیەننە مۆندیالی ـ٨ی رووسیا، لە یارییەکی سەرنج راکێشدا هەڵبژاردەی ئەرژەنتین توانی لە هەڵبژاردەی ئیکوادۆر بباتەوە بە ئەنجامی . – . لە دوا یاری پاڵاوتندا خۆی گەیاندە مۆندیالی رووسیا، سەرەتای یاری و لە خولەکی یەکی یارییەکە، یاریزان رۆبێرتۆ ئاردۆنیز گۆلێکی بۆ ئیکوادۆر تۆمار کرد و هاندەرانی تانگۆی هەناسە سارد کرد، بەڵام یاریزانانی ئەرژەنتین پاڵەپەستۆیەکی قۆرسیان لەسەر گولی ئیکوادۆر درووست کردو، لە خولەکی ـ یارییەکە بە ئەسستێکی دیماریا ,مێسی گۆلی یەکەمی خۆی و هەڵبژاردەکەی تۆمار کرد، دواتر لە خولەکی ١٢مێسی گۆلی دووەمی کرد، یاریزانانی ئیکوادۆر چەند هێرشێکیان کردە سەر گۆلی ئەرژەنتین ,بەڵام بێ سوود بوو، لە گێمی دووەم و خولەکی ٦. مێسی هاتریکی کردو هەڵبژاردەکەی گەیاندە مۆندیالی ـ٨ی رووسیا، بەو ئەنجامەش هەڵبژاردەی ئەرژەنتین شان بەشانی بەرازیل و ئۆرۆگوای و کۆلۆمبیا خۆیان گەیاندە مۆندیال و هەڵبژاردەی پیرۆش چووە پاڵاوتن. مێسیش بووە سێییەم گۆڵکاری پاڵاوتن بە . لە دوای هەریەک لە کاڤانی ئۆرگوایی ـ گۆڵ و خیسۆسی بەرازیلی ـ گۆڵ .

# ڤیدال مەترسی یاری نەکردنی بەرامبەر فرایبۆرگی لەسەرە

ڤیدال مەترسی یاری نەکردنی لەیاری داهاتوویی یانەکەی بایرن میونخ بەرامبەر فرایبۆرگی لەسەرە، لەگەڕی هەشتەمی خولی ئەڵمانیا، دای ئەوەی لە ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردەی چیلی لە سێ شەممەی رابردوو تووشی پێکان بۆوە. ڤیدال تووشی ئازاری رانی چەپی بۆوە، کە ئەمەش مەترسی ئەوەی هەیە نەتوانێت بەرامبەر فرایبۆرگ بەشداری بکات، کە یەکەمین یاری یانەی باڤارییە لەژێر سەرپەرشتی راهێنەری تازە هاینکس، دوای دوورخستنەوەی ئەنشیلۆتی.



# ئایسلەندا ئەو خەونەی بووە راستی



ئایسلەندا بچووکترین وڵاتە کە ژمارەی دانیشتوانی تەنها 320هەزار کەسە و پانتایی 103کیلۆمەترە بتوانێت بگاتە مۆندیالی داهاتووی رووسیای 2018. ئەستێرەکانی شایستەی ئەوە بوون دوای ئەوەی ئاستێکی بەرزیان لە یۆرۆی 2016نیشانداو لێرەدا چەند ئاماژەیەکی تۆپی پێی ئەو وڵاتە دەخەینە روو:

– سەرکردەی داستانەکە راهێنەر هیمێر هالگیرسۆن بوو، کە تاکو یۆری 2016 راهێنەرێکی هاوبەش بوو لەگەڵ لارس لارگیاک و پاشان بەتەنیا بۆ پاڵاوتنەکان ئەرکەکەی گرتە ئەستۆ.

– هالگیرسۆن رابەرایەتی 15یاری ئایسلەندای کردووە، کە لە 10یاریدا سەرکەوتنی تۆمارکردوو و یەک یەکسان بوون و 4دۆڕاندنی هەیە.

– هەڵبژاردەی ئایسلەندا هەموو ئەستێرەکانی ناوی هەموو یاریزانانی بە سۆن کۆتایی دێت، کە ئەمەش جۆرە کۆمیدیایەکی لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دروستکردووە.

– دیارترین ئەستێرەی هەڵبژاردەکە سیگۆرسۆن ئەستێرەی ئیڤرتۆنی ئینگلیزییە

– پێش 5ساڵ هەڵبژاردەی ئایسلەندا لەریزبەندی 131 فیفا دابوو، ئەمڕۆش لە پلەی 22ی جیهان دێت و تونی بگاتە مۆندیالی داهاتوو.

– ئایسلەندا بەر لە پاڵاوتنەکان 2018نزیکەی 12جاری دیکە لە پاڵاوتنەکان بەشداربووە کە 95یاری ئەنجامداوەو 21جار سەرکەوتووە و 18ی دۆڕاندووەو 56ی یەکسان بووە، 98گۆڵی تۆمارکردووەو 2016گۆڵی لێکراوە.

– ئایسلەندا توانی لەگرووپێکی زەحمەت بەسەر کەوێت کە (تورکیاو کرواتیاو ئۆکرانیای لەخۆ گرتبوو) بەهاوڕێیەتی هەڵبژاردەکانی فنلەنداو کۆسۆڤۆ، زۆربەی چاودێران چاوەڕێیان دەکرد ئایسلەندا لێرە کۆتایی بێت.

– ئایسلەندا توانی 7یاری بباتەوەو یەکجار یەکسان بێت و یەکجاریش بدۆڕێت، 16گۆڵی تۆمارکردووەو 7گۆڵی لێ تۆمارکراوە.

**نەبەز روستایی**



# زێدان لەشکاندنی ژمارەی گواردیۆلا نزیک بۆتەوە

لەدوای 22ی شوباتی رابردوو کاتێک ڤالێنسیا لەسەر یاریگای مستایا میوانداری ریال مەدریدی کرد، یانەی شاهانە هیچ یارییەکی لەدەرەوەی یاریگای سانتیاگۆ برنابۆ نەدۆڕاندووە، ریال مەدرید لە 12یاری رابردووی لەدەرەوەی یاریگای خۆی سەرکەوتنی تۆمارکردووە، کە دەتوانێت لەیاری داهاتووش بەرامبەر خیتافی لەسەر یاریگای ئالڤۆنسۆ پیریز سەرکەوتن تۆمار بکات و لەفراوانترین دەرگاکانیانەوە بچنە ناو مێژوو و ژمارەی یانەی بەرشلۆنە کە لەوەرزی 2009-2010تۆماریکردبوو کاتێک لەدەرەوەی یاریگای خۆی 12سەرکەوتنی لەدوای یەک تۆمارکرد بشکێنێت. ریال مەدرید لە زنجیرەیەدا توانیویەتی 40گۆڵ تۆمار بکات و 13گۆڵی لێکراوە، لەماوەی 230رۆژدا، ئایا زێدان دەتوانێت ژمارەکەی گواردیۆلا تێپەڕ بکات.